# چەکی گرووپە شیعەکان لە گێژاوی گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن و دۆخی شڵەژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چەکی گرووپە شیعییەکان و چارەنووسی حەشدی شەعبی، بووەتە مژارێکی گەرم لە عێراق لە نێوان گوشاری دەرەکی و خواستی هەندێك لایەنی شیعە و بەرهەڵستیی گرووپەکان خۆیاندا. ئەم شرۆڤەیە لەسەر مشتومڕەکانی پەیوەست بەم دۆخە هەڵوێستە دەکات.

**گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان بۆ چەکدانان**

سەرچاوە شیعییە ئاگادارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەمریکا لە ڕێگەی هەڵسووڕێنەری باڵیۆزخانەکەیەوە (ستیڤن ڤاگن)، هۆشداریی داوەتە سوودانی دەربارەی پێویستیی کۆکردنەوەی چەکی گرووپە شیعەکان و گێڕانەوەیان بۆ ژێردەستی دەوڵەت. بەپێی ئەم سەرچاوانە پەیامی ئەمریکا ئەوەیە کە "ئەگەر عێراق خۆی ئەو دۆسیەیە یەکلایی نەکاتەوە، ئەوە گوشاری دەرەکی دێتە سەر هێڵ و بڕیاری لەبارەوە دەدات"[1].

گوشاری ئەمریکا دەربارەی چەکی لەکۆنترۆڵدەرچوو، لە چەند سەرچاوەیەکی سیاسیی دیکەی عێراقەوە بە ناوەڕۆکی جۆاوجۆر پشتڕاست کراوەتەوە، لەوانەیش: سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەندێك لە ڕاوێژکارانی سەرۆکوەزیران. داوای چەکداماڵینیش تەنیا بەو گرووپانەوە پەیوەست نییە کە بە بڕیاری سیاسی و ئەمنیی ئێرانەوە پەیوەستن و پێیان دەگوترێت "حەشدی وەلائی"، بەڵکوو ئاوێتەکردنی "حەشدی شەعبی"یش لەگەڵ سوپا و پۆلیسدا لەخۆ دەگرێت کە بەڕواڵەت دەزگەیەکی ئەمنیی عێراقییە و سەر بە "فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان"ن (سەرۆکوەزیران)، بەڵام لە ناوەڕۆکدا باڵی چەکداریی هێزە سیاسییە شیعەکانن، لە نموونەی ئەوانەیش: ڕێکخراوی بەدر و بزووتنەوەی عەسائیب.

بەپێی لێدوانی سەرۆکی پەرلەمان، مەحموود مەشهەدانی، وڵاتە یەکگرتووەکان دەربارەی حەشدی شەعبی، پەیامی بۆ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ناردووە؛ هەر ئەمەیش وای کردووە یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی حەشد لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر نەکرێت و بکشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر چاوی ئەمریکا. بە قسەی مەشهەدانی بۆچوونی ئەمریکا ئەوەیە: "حەشد لەگەڵ سوپادا تێکەڵ بکرێت نەك ڕێکخستنەوە؛ بە بژاردەی دووەم ڕازی نابێت[2].

بەپێی ئەو پێدراوانەیشی لە تەلئەڤیڤ و بەغداوە بەردەستن، گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق لەسەر ڕاداری چاودێریکردنی ئیسرائیلن. لەم نێوەندەیشدا و لە کاتی جەنگی 12 ڕۆژەدا لەگەڵ ئێران، لە تەلئەڤیڤەوە هۆشداری گەیشتووەتە بەغدا، کە ئەگەر هەر گرووپێك دژی ئیسرائیل چالاکی بکات، ئەوە دەکەوێتە بەر گورزی سەربازیی ڕاستەوخۆ و، لەگەڵ خۆیشیاندا عێراق دەکەنە ئامانج[3].

ئەگەرچی حکوومەتی سوودانی توانیی لە جەنگەکەدا گرووپە چەکدارە شیعەکان کۆنترۆڵ بکات و عێراق لە مەترسییەکی گەورەی خزان بۆ نێو جەنگەکە قوتار بکات، بەڵام گەرەنتیی ئەوە ناکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا بتوانێت بەردەوام بێت، بەتایبەت کە دۆسیەی جەنگی ئیسرائیل _ ئێران بەڕووی ئەگەری جۆراوجۆردا کراوەیە. جگە لەوەیش لە دوا ساتەکانی جەنگەکەدا عێراق کۆمەڵێك ڕاداری کرایە ئامانج کە تا ئێستا بکەرەکەی ئاشکرا نەکراوە و هیچ لایەك نەیخستووەتە ئەستۆی خۆی و، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتانەیش لە داهاتوودا کراوەیە.

لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا دابەشکردنی مووچەی حەشدی شەعبی، بەهۆی وەستاندنی کارتە بانکەکانیانەوە 10 ڕۆژ دوا کەوت؛ هەندێك ئەمە بە سەرەتای گوشاری کردەییی ئەمریکا دەبینن بۆ هەڵوەشاندنەوە یان تێکەڵکردنی حەشد لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی دیکەی عێراق. سەرەتا سەرکردەکانی حەشد وایان پیشان دا کە دواکەوتنی مووچەی حەشد هونەری (تەکنیکی)یە، کەچی مەیسەم زەیدی، فەرماندەی فیرقەی عەباسی جەنگی (لیوای 26ی حەشد) ئاشکرای کرد: وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا گوشاری لە "کی کارد" کردووە بۆ ڕاگرتنی مووچەکانیان[4].

بەرپرسانی حەشدی شەعبی بۆ چارەسەری مووچەی هێزەکانیان، پەنایان بۆ بانکی "نەهرەینی ئیسلامی" برد و گەڕانەوە بۆ دابەشکردنی کاش[5]؛ بەڵام ئەمە لە لایەك پێچەوانەی سیاسەتی حکوومەتە بۆ بەبانکیکردنی مووچە، لە لاکەی دیکەیش پارێزراو نییە لە سزا و بەدواداچوونی ئەمریکا، بەتایبەت کە هەندێك لەوانەی کە بەرهەڵستکاری سیستەمی سیاسیی عێراقن، هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو سەرچاوە نوێیانەی دابەشکردنی مووچەی حەشد، دەگەیەننە سەرچاوەکانی بڕیار لە ئەمریکا[6].

لە ناوەندی سیاسیی شیعیدا باوە کە گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر گرووپە چەکدارەکان، زیاتر بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی واشنتۆنە لە ناوچەکەدا؛ بەڵام ئەوەی کێشەی شیعە قووڵتر دەکاتەوە ئەوەیە کە دژایەتیی چەکی گرووپەکانیان تەنیا لە دەرەوەوە نییە، بەڵکوو لە ناوخۆ و لەنێو شیعە و سوننەیشدا بۆچوونێك هەیە وەك مەترسی تەماشایان دەکەن و پێیان وایە جگە لە بارگرانیی ناوخۆیی و بەکارهێنانیان لە خۆسەپێنی و هەڵبژاردن و سوودمەندبوونی ئابووریدا، دەشێت ببنە هۆی سەرئێشەی دەرەکی بۆ عێراق. بەیاننامە ئەمریکییەکانیش دژی بەئامانجگرتنی ژێرخانی وزە لە هەرێمی کوردستان (15ی تەممووز)، نموونەیەکە لەو ڕووگیری و ئیحراجییانەی کە چەکی دەرەوەی کۆنترۆڵ دەیهێنێتە سەر بەغدا.

مەرجەعی باڵای شیعە، ئایەتوڵڵا سیستانی، چەند جارێك و لە چەند ڕێگەیەکەوە لەم دوو ساڵەی دواییدا پێداگریی لەسەر کۆکردنەوەی چەك لەدەستی دەوڵەتدا کردووە؛ دوا داواکاریی ئەم بوارەیش لە حوزەیرانی 2025 بوو لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لە کەربەلا[7]. هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا "موقتەدا سەدر"ی ڕێبەری "ڕەوتی نیشتمانیی شیعی" بە ڕێگەی خۆی گوشار بۆ هەمان شت دەکات و چەند جارێکە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرووپە شیعییەکان دەکات، لەگەڵ تێکەڵکردنی حەشد و سوپا. سەدر ئەم داواکارییەیشی کردووە بە مەرجی پاڵپشتیی ئەو لیستە شیعانەیشی کە لە هەڵبژاردنی 11ی مانگی نۆڤەمبەری 2025 دا بەشدارن[8]. ئەمەیش جۆرێکە لە ئاڵنگاری و هەوڵی ئیحراجکردنی هێزە سیاسییە شیعە حوکمڕانەکان و بەرزکردنەوەی سەقفی داواکاری و دانانی ئامانجە بۆ هەر جووڵەیەکی دیاریکراو لە داهاتوودا.

## هەڵوێستی گرووپە شیعەکان

گرووپە شیعەکان بە شێوەیەکی گشتی ناچنە ژێرباری داوکارسی چەککردنیان، بەڵام ڕووشکێنترین وەڵامیان لەم بارەیەوە تا ئێستا لە کەتیبەکانی حزبوڵڵای عێراقەوە دەرچووە. ئەم گرووپە کە پۆستی سەرۆکئەرکانی حەشدی شەعبیی لەلایە (ئەبو فەدەك)، نیوەی لەنێو دەوڵەتی عێراق و نیوەکەی دیکەی لە "بەرەی مقاومە"ی ئێرانیدایە. لە ڕێگەی وتەبێژە سەربازییەکەیشییەوە (ئەبو عەلی عەسکەری) ڕای گەیاندووە: تا دەرکەوتنی ئیمامی دوازدەیەمی شیعە (مەهدیی مونتەزەر)، چەکەکانی ڕادەست ناکات. نەك هەر ئەوە بەڵکوو هێرشی توندیشی کردە سەر ئەوانەی داواکاریی وەها دەکەن؛ ناووناتۆرەی ناشرینیشی ئاراستە کردن و بە "موخەنەس" و "بۆرەپیاو" ناوی بردوون[9]. زۆر لە شرۆڤەکانی ئەم لێدوانەیش، ناتۆرەکە دەبەنەوە سەر سەدر کە کۆتا جار و پێش ئەو کاردانەوەیە داوای وەهای کردووە.

لەسەر ئاستی مەیدانییش جێگری سەرۆکئەرکانی حەشد، یاسر حسێن عیساوی، هۆشداریی ئەوەی داوە ئەوان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان "بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشهاتێك"[10]. ئەمەیش دەشێت ئاماژە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارییانەی هەوڵەکانی چەککردنی گرووپەکانی شیعە، بەتایبەت لەم دۆخەی کە ئێستا بەرە ئێرانییەکەی پێدا گوزەر دەکات لە لوبنانەوە تا تاران و، لە بەیرووتیش گوشارەکان بۆ وەرگرتنەوەی چەك لە حزبوڵڵا لە هەڵکشاندان.

لای خۆیشیانەوە لایەنگرانی گرووپەکان باس لەوە دەکەن جگە لەوەی ئەوان پێیان وایە چەکەکەیان بە "فەرمانێکی شەرعی"یەوە پەیوەستە و چاوەڕێی دەرکەوتنی "مەهدیی مونتەزەر" دەکەن، ترسیان لە دۆخی ناوچەکەیش زۆرە، کە بەڕووی ئەگەری جۆراوجۆردا کراوەیە و ناتوانن لەم دۆخەیشدا چەکەکانیان ڕادەست بکەن؛ بۆ ئەمەیش نموونەی هەڵکشانی ئەحمەد شەرع (ئەبو محەمەدی جۆلانی) و ئەجێندا ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان دەهێننەوە کە لە ئێستادا لەسەر پێکهاتەی شیعە مەترسین. لەسەر ئاستی ناوخۆیش "سوننەکان" و "قەوارەی هەرێمی کوردستان" بە مەترسی دەبینن لەسەر ئاسایشی خۆیان، بەتایبەت پاش دەستپێکردنی هەڵمەتی تائیفییانەی هەڵبژاردن لە شارە سوننەکان و دەنگهەڵبڕینی "خەمیس خەنجەر"ی سەرۆکی هاوپەیمانیی سیادە، کە بێ پێچوپەنا گرووپە چەکدارە شیعەکانی بەوە تۆمەتبار کرد "خۆیان دەکەنە شەریکی ڕزق و ڕۆزیی خەڵك" و، جەختی کردەوە "لە دەرەوەی دەوڵەتدان و هەبوونیان مەترسییە".[11] ئەم گوتارەیش لە ڕۆژانی داهاتوودا زیاتر هەڵدەکشێت و بارگرانیی زیاتر لەسەر ناوخۆی شیعە دروست دەکات، بەتایبەت کە ئێستا سوننەی عێراق هەست دەکەن سووریا دەشێت ببێتە "قووڵاییی ستراتیژی"یان؛ بەو پێیەی ڕژێمێکی عەقیدەییی سوننیی دژەشیعەی تێدا هاتووەتە سەر کار.

## ئاییندەی حەشد و گرووپە چەکدارە شیعەکان

بۆ پێشگرتن لە ئەگەری پەیوەستکردنیان بە سوپا و هێزە ئەمنییەکانەوە، هەندێك لە لایەنە شیعەکان، لەنێویشیاندا بزووتنەوەی عەسائیب، خوازیارن پەرلەمانی عێراق لەم خولەدا یاسای حەشدی شەعبی دەربکات. ئەمینداری ئەم بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییەی شیعە، "قەیس خەزعەلی"، ئەمە بە "ئەرکی مێژوویی و شەرعی و ئەخلاقی"ی ئەنجومەنی نوێنەران لەقەڵەم دەدات .[12] بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بێ پێچوپەنا ڕای گەیاند، تاوتوێکردنی وەها یاسایەك مەترسییەکانی سەر حەشد زیاتر دەکات و، بەم پێیەیش ئەم هەنگاوە لە ئێستادا ڕێی تێ ناچێت.

هەندێك لـەو گرووپـانەیشی هەسـت بـە مەترسـیی بەئامـانجگرتن دەكـەن، چـوونەتە نێـو دانوسـتاندنەوە. سەرچاوەكانی نزیك لە حكوومەتی سوودانی باس لەوە دەكەن كە، جگە لە كەتیبەكانی حزبوڵڵا، گرووپە شیعەكان ڕازین لەسەر ئەوەی لەگەڵ دەزگە ئەمنییەكانی دەوڵەتی عێراقدا تێكەڵ بكرێن، بەتایبەت حەشدی شەعبی و، ئەمـانەیش 4_5 گرووپـن. ڕێككەوتنەكەیـش ئـەوە بـووە گرووپەكـان ببنـە حزبـی سیاسـی و، كارمەندەكانیشی پۆستی گشتی وەربگرن[13]؛ بەڵام وا دیارە بەهۆی كەشی هەستیاری هەڵمەتی هەڵبژاردن و بەهۆی ئەوەی باوەڕێكی زاڵ لە نێوەندی سیاسیی شیعیدا لە پەرەسەندندایە كە پاش گرووپەكان نۆرەی حەشدیش دێت بۆ هەڵوەشاندن، ئەو هەوڵانەیش چەقیان بەستووە و ناچنە پێشەوە. بەڵام هێشتا محەمەد شیاع سوودانی وەك سەرۆكوەزیران هەر بانگەشەی ئەوە دەكات كە دەوڵەت چەكی دەرەوە قبووڵ ناكات؛ لەگەڵ ئەوەیشدا پاساو دەهێنێتەوە كە ئەو گرووپانە لە بارودۆخ و هەلومەرجی دژواردا دروست بوون و لەخۆڕا نییە.[14]

بەهۆی ئەوەیشی لە مەسەلەی چەكی گرووپەكان و دۆسیەكانی دیكەی پەیوەست بە ئێرانەوە، حكوومەتی سوودانی ناتوانێت بە شێوەیەكی سەربەخۆ بڕیار بدات، ئەگەری سزا و دەستوەردانی دەرەكی لە دۆسیەكە زیاترە، تا ئەوەی سوودانی و حكوومەت بتوانن ڕیسكی ئەوە بكەن بچنە ژێرباری گوشارەكانی پەیوەست بە چەككردنی گرووپەكان. ئەمەیش وای كردووە زیاتر لە سەرچاوەیەكی ئاگادار و نزیك لە ناوخۆی شیعە، باس لەوە بكەن عێراق بەرەو سزادان و بەئامانجگرتن دەڕوات؛ هەندێك لەوانەیش نزیكن لە سەرچاوەی بڕیار[15].

[1] https://2h.ae/jNqk

[2] https://2h.ae/rgba

[3] https://2h.ae/TwsL

https://2h.ae/dFDm

[4] https://2h.ae/Fwej

[5] https://2h.ae/LVyr

[6] https://2h.ae/QVCD

[7] https://2h.ae/iFUa

[8] https://2h.ae/OGGa

[9] https://2h.ae/FwMe

[10] https://2h.ae/icdZ

[11] https://2h.ae/WyXY

[12] https://2h.ae/NWcy

[13] https://2h.ae/PWeW

[14] https://2h.ae/LCTm

[15] https://2h.ae/EGfX

https://2h.ae/GFiv